Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

Central Committee

کۆمیتەی ناوەندی

**ڕۆڵەیەکی دیکەی گەلی کورد ئێعدام کرا و**

**گیانی ژمارەیەکی دیکەش لە مەترسیدایە**

بەرەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە 30ڕێبەندانی 2702، ڕیکەوتی 19ی فێوریەی 2003. زیندانیی سیاسی "ساسان ئالی کەنعان" لە لایان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، ئێعدام کرا. کاربەدەستانی بەشی ئیجرای ئەحکامی زیندان، بنەماڵەی ساسانیان ناچار کرد بە خێرایی و بێ هیچ چەشنە ڕێورەسمێك ڕۆڵە شەهیدەکەیان بە خاك بسپێرن.

ساسانی ئالی کەنعان، لە مانگی خەرماناندا دەسگیر کرابوو و لە لایان بێدادگایەکی ڕێژیمەوە لە سنە، بەتاوانی "محاربە" بە ئێعدام مەحکوم کرا، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا تاونیٚ کە بووبێتی حەواندنەوەی 2 ئەندامی کۆمەڵە بووە کە ئاوەڵزاوای یەکیان بوو.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکا حوکمی ئێعدامی ساسانی ئالی کەنعانی پەسند کرد و پیاو کوژەکانی لە دەمێکدا ئەو حوکمەیان بەجێگەیاند کە دەستەی لێکۆڵەری لێژنەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ سەردانی ئێرانیان کردوە و لە تاران دامەزراون. ئەوەش شتی بێجگە لە دەمەلاسکێ و بەهێند نەگرتنی ڕێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و ملهوڕی لە حاست کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە ژمارنایە.

بنەماڵەی ئالی کەنعان، لەو کاتەڕا کە دەستەی لێکۆڵەرانی مافی مرۆڤ گەیبوونە تاران، لە حەول و تەقلای دیتنیاندا بوون تا بەڵکو بتوانن فریای ڕۆڵەکەیان کەون و حوکمەکەی لەسەر سووك کەن، بەڵام مەئمورانی دامەزراو لە دەوروپشتی شوێنی حەوانەوەی لێکۆڵەران، ڕێگەی چاوپێکەوتنیان لێگرتبوون.

لە مانگی ڕەزبەرەوە تا ئێستا ژمارەیەك لە زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی سنە و ورمێ و سەردەشت ئێعدام کراون کە ناوەکانیان بەمجۆرەیە:

1- هەمزە قادری
2- ساڵح گوودەرزی
3- خالید شەوقی
4- جەلیل زێوەیی
5- حەبیبوڵلا تەنهائیان
6- حەمە ساڵەی مرادیان
7- مستەفا خورەند

هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە لایان بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیەوە، بەبێ هەبوونی مافی گرتنی پارێزەر، حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە کە ناوی ژمارەیەکیان بەمجۆرەیە:

1- حەسەن مەحمودی لە زیندانی ورمێ

2- خدر وەیسی لە زیندانی ورمێ

3- مێهدی زاڵیە لە زیندانی ورمێ

4- خالید فەرەیدوونی لە زیندانی مهاباد

5- محەمەد شار وێرانی لە زیندانی مهابا

کاک حەسەن مەحمودی، یەکێ لە ئەندامانی RUKیە کە لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە لە زینداندایە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێڕای مەحکوم کردنی ئەو تاوانە دژی ئینسانییە داوا لە هەموو رێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکا، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خوڵقاندنی ئەو تاوانە و بۆ دەست راگرتنی لە ئێعدام و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانییانە و هەموو بە ئێعدام مەحکوم کراوەکان لە سەرانسەری ئێران و ئازادیی بێشەرت و مەرجی هەموو زیندانیانی سیاسی، بخەنە بەر گوشاری شوێندانەر.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانRUK**

3/ رەشەمەی 2072 کوردی

22/ فێوریەی 2003